# یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩
# یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٤**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩/١٢/١٩٩٩**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی ماددە (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩/١٢/١٩٩٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەی دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

بەشی یەکەم
«پێناسەکان»

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم کوزارشت و زاراوانەی خوارەوە ئەم مانایانەن کە بەرامبەریان نووسراوە.

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
دووەم: وەزارەت: وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.
سێیەم: سندووق: سندووقی خانەنشینی پارێزەران.
چوارەم: دەستەی سەندووق: ئەو دەستەبەی بە پێی ئەم یاسایە دامەزرێندراوە.

بەشی دووەم
حوکمە کشتییەکان

**ماددەی (٢):**

یەکەم: لە بارەگای سەندیکا سندوقێک بۆ خانەنشینی پارێزەران دادەمەزرێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە داهات و خەرجییەکانی دەستنیشان دەکرێ و لەلایەن دەستەیەک بەرێوە دەبرێت.

دووەم: سندووقی خانەنشینی کەسایەتییەکی مەعنەوی هەیە، مەبەستەکەی دابینکردن و سەرفکردنی مافی خانەنشینییە بۆ پارێزەرەکان و بۆ ئەندامانی خێزانەکانیان دوای مردنیان.

سێیەم: هەموو پارێزەرێکی ئەندام لە سەندیکا بە بەشداربوویی سندووق دادەنرێ لە پاش ئەوەی نابوونەو ڕسمە یاساییەکان دەدات.

**ماددەی (٣):**

یەکەم: دەستەی سندووق لە ٣ ئەندامی ئەسڵی و ٣ یەدەک بەم جۆە پێک دێت:

١ـ دوو ئەندامی ئەسڵی لە ئەنجوومەنی سەندیکا یەکێکیان ئەندامی ئەسڵی و ئەوەی تریان یەدەک، ئەنجوومەنی سەندیکا دەیانپاڵێوێ.

٢ـ دوو فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەت یەکێکیان ئەندامی ئەسڵی و ئەوەی تریان یەدەک، وەزیری دارایی و ئابووری دیاندەمەزرێنی بۆ یەک ساڵ و قابیلی نوێکردنەوەیە.

٣ـ دوو پارێزەر بە پلەی ڕاوێژکار یەکیان ئەندامی ئەسڵی و ئەوەی تریان یەدەک، نەقیب دەیان پاڵێوێ.

دووەم: نوێنەرێکی ئەنجوومەنی سەندیکا سەرۆکایەتی دەستەکە دەکات و لە بەردەم دادگەکان و فەرمانگەو کەسە سروشتیی و مەعنەوییەکاندا نوێنەرایەتی دەکات.

**ماددەی (٤):**

یەکەم: دەستە، ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ دابینکردنی داهاتەکانی سندووق و بەکارهێنانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢ـ چەسپاندنی ماوەی دەستدانە پارێزەریی و حیسابکردنی ئەو ماوەیەی لە فەرمانبەریی بەسەری بردووەو کاری بۆی کردووە بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی.

٣ـ خانەنشین کردنی پارێزەران بە پێی حوکمی ئەم یاسایە.

٤ـ تەرخانکردنی مافەکانی خانەنشینی بۆ پارێزەران یان بۆ ئەندامانی خێزانەکانیان دوای مردنیان.

٥ـ دامەزراندنی کارمەندان بۆ ڕواندنی کاروباری دەستە.

٦ـ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی سندووق و ناردنی بۆ وەزارەت بۆ ڕاستاندنی.

٧ـ ڕێکخستنی بودجەی مانگانەی سندووق.

٨ـ دەرچواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی بەڕێوەبردنی کاروباری سندووق.

دووەم: دەستە بۆی هەیە هەندێ دەسەڵاتی خۆی بدات بە سەرۆکەکەی یان بەیەکێک لە دوو ئەندامە ئەسڵییەکانی.

## بەشی سێیەم
## (حوکمە داراییەکان)

**ماددەی (٥):**

داهاتەکانی سندووق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێک دێن:

١ـ ئابونەی بەشداربوونی پارێزەران لە سندووقدا.
٢ـ ئەو پووڵانەی تایبەتن بە سندووقەکە.
٣ـ ئەو ڕێژە سەدییانەی لە کرێی ماندوبوونی پارێزەران لە داواکان و ڕاوێژپێکردنی یاسایی وەردەگیرێ.
٤ـ بەخششە جۆراوجۆرەکان بە ڕەزامەندی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان.
٥ـ دەستگیرۆیی و یارمەتییەکانی حکومەتی هەرێم.

**ماددەی (٦):**

یەکەم: ئەگەر ماوەیەک بەناوی دەستدانە پیشەی پارێزەریی خرایە سەر ماوەی کارکردنەکەی لەو مێژووەوە حسێب دەکرێ کە داوای خستنە سەری کردووە بۆ حسابکردنی ئەو پارەیەی لە بڕی دەیدات بەپێی ئەم یاسایە.

دووەم:
١ـ دەبێ دەستە پەیڕەوێک دەربچوێنێ بڕی ئابوونەی بەشداربوونی تیایدا بەکوێرەی پێرەوە داراییە کارپێکراوەکان دەستنیشان بکات.
٢ـ دەستە دەبێ خشتەیەک ڕێک بخات و تیایدا هەموو ئەو موعامەلانە دیاری بکات کە پووڵ لێدان دەیانگرێتەوە لەگەڵ بەهاکانیانەوە (ئەقیام).
٣ـ ئەو کەسانەی کە ناویان لەو خشتەیەدا هاتووە کە دەستە ڕێکی دەخات دەبێ پووڵ لەو ئەوراقانە بدەن کە تیایدا نووسراون بە پێی ئەو بەهایانەی بەرامبەریان تۆمار کراون.

سێیەم: پارێزەر ئابوونەی بەشداربوون بەیەک جار پێش کۆتایی هاتنی دوا مانگی هەر ساڵێک دەدات و لە باری دواکەوتنی لە وادەی دیاریکراو بەرێژەی (٥٠ ٪)ی ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانەی دەخرێتە سەر.

چوارەم: سەندیکا بۆی نییە ناسنامەی پارێزەر نوێ بکاتەوە ئەگەر ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانەی لە سندووقی کەوتبێتە سەر بۆ ساڵی پێشوو یان ئەو قستانەی نەدابێت کە لە ساڵەکانی پێشترەوە کەوتوونەتە سەری.

پێنجەم: دەستە بە هۆی وەزارەتەوە پووڵی پارێزەریی دەردەچوێنێ و بۆیشی هەیە لە بڕی پووڵ ڕسم وەربگرێ ئەگەر نەگرا پووڵ دەرچوێنرێ و دەستە پارەی چاپکردنەکەی دەگرێتە ئەستۆ.

شەشەم: سەرپێچی کاری حوکمەکانی بڕگەی (٣)سێیەمی ئەم ماددەیە بەو سزایانەی لە یاسای ڕسمی پول دا هاتوون سزا دەدرێت و ئەو غەرامەیەش کە دەسەپێنرێت دەچێتە سەندووقەکەوە.

حەوتەم: پێویستە فەرمانگە ڕەسمییەکان و کەسە مەعنەوییەکان ئەو ڕێژە یاساییە لە پارەی ماندووبوونی پارێزەرەوە ڕاوێژپێکردنی بکێرنەوەو ڕاستەوخۆ بینێرن بۆ سندووق.

هەشتەم: فەرمانگەکانی دەوڵەت لە هەرێمدا لە لێدانی پووڵ لە ئەوراقی تایبەت بە مامەڵەتەکانیانەوە دەبووردرێن.

**ماددەی (٧):**

دەستە نابێ داهاتەکانی سندووق وەبەربێنێ تەنیا بەم ڕێگایانە نەبێ:

یەکەم: لە بانک دانان بەپێی ئەو ڕێکەو ڕێژەو قازانجانەی بە چاکیان دەزانێت.

دووەم: کڕینی سەنەداتی حکومەتیی و حەوالەی خەزێنەیی.

سێیەم: قەرزدان بە دەزگاکان بە قازانج بە پشتگیری وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم یاخود یەک لە بانکەکان بە ماوەیەک لە سێ ساڵ ڕەت نەکات.

چوارەم: سوود وەرگرتن لەو خانووبەرانەی کە عائیدی سندووقن.

**ماددەی (٨):**

یەکەم: نابێ خەرجی ساڵانە لە (٨٥٪)ی داهاتی ساڵانەی سندووق ڕەت بکات و ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە یەدەک بۆی.

دووەم: دەست لە یەدەک نادرێ تەنیا مەگەر (عەجز)ێکی کتوپڕ ڕوووبدات و پێویست بکات پڕ بکرێتەوە.

**ماددەی (٩):**

ماڵ و پارەو قازانج و داهاتەکانی سندووق باجی دەرامەت و باجی عەقارو ڕەسمی پوول و ڕەسمی تۆمارکردنی عەقار (خانووبەرە) نایانگرێتەوە.

**ماددەی (١٠):**

یەکەم: ئەو پارێزەرانەی قەرزارن دەبێ ئەو قەرزانەی بۆ سندووق لەسەریانە بیدەنەوە ئەویش لە ماوەی یەک ساڵ لە کارکردن بەم یاسایەدا.

دووەم: بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانی سندووق یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان پیادە دەکرێت.

بەشی چوارەم

لقی یەکەم

خانەنشین کردن

**ماددەی (١١):**

ئەو پارێزەرەی ناوی لە تۆماری پارێزەران دا تۆمار کراوە بۆی هەیە لە یەکێک لەو حاڵەتانەی خوارەوە داوا بکات خانەنشین بکرێ:

یەکەم: ئەو ماوەیەی تیایدا شایانی خانەنشینی دەبێت، (٢٥) بیست و پێنج ساڵ یاخود زیاتر بێت بەردەوام بێ یان بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بێ و، بەپێی تۆماری پێشینەیی.

دووەم: دەبێ ئەو ماوەیە خانەنشینی لێ دەکەوێ (١٥) پانزە ساڵ یاخود پتر بێت بە بەردەوامی یان بە پچڕ پچڕی بێ و توانای کاری پارێزەریی نەمابێ (عاجز) بەمەرجێ ئەو (عجز) نەتوانینە بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی ڕەسمی بسەلمێنێ.

سێیەم: دەبێ شەست و سێ ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و خزمەتیشی کە مافی خانەنشینی لێ دەکەوێت لە (١٥) پانزدە ساڵی بەردوام یاخود پچڕ پچڕ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٢):**

ئەگەر لە نێوان ئەو ماوەیەی کە پارێزەر تیایدا شایانی خانەنشین بوون دەبێ بەپێی ماددە (١١) ماوەیەک هەبێ کە خرابێتە سەر ماوەی دەستدانە پیشەی پارێزەریی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆ ئەو پارێزەرە نییە داوای خانەنشین بوون بکات تەنیا دوای ماوەیەک نەبێت کە لە (٥) ساڵی بەردەوام کەمتر نەبێ لە مێژووی دەرچوونی بڕیاری خستنە سەرەکەوە جگە لە باری عەجزەکە.

**ماددەی (١٣):**

یەکەم: پارێزەر خانەنشین دەکرێ ئەگەر بە ڕاپۆرتێکی لیژنەیەکی پزیشکی ڕەسمیی سەلمێنرا کە تووشی نەخۆشییەک بووە پەکی خستووە کاری پارێزەریی بکات.

دووەم: ئەگەر پارێزەر پێش تەواو کردنی (٢٥) ساڵ لە کاری پارێزەریدا مرد، ئەوا مووچەی خانەنشینی بەپێی ساڵەکانی ئیشکردنی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە.

سێیەم: ماوەی کارکردنی پارێزەر بە (١٥) پانزدە ساڵ حساب دەکرێت کەر هاتوو پێش ئەو ماوەیە مرد یاخود بە ڕاپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی ڕەسمی سەلمێنرا کە تووشی نەخۆشییەک هاتووە ڕێکەی پارێزەریی کردنی لێکرتووە مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ خۆیشی و بۆ خێزانەکەیشی لەسەر ئەو بنەمایە بۆ دەبڕدرێتەوەو ئابوونەی بەشداربوونی لە سەندیکا بۆ ئەو ماوەیەی ماوە یاساییەکەی پێ تەواو کراوە لێ ناکێڕدرێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

یەکەم: ئەو ماوانەی خوارەوە بە ماوەی دەست دانە پیشەی پارێزەریی دەژمێردرێن بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەگەر پارێزەر پارەی ئابوونەی بەشداریکردنی لە سەندیکاو سندووق دابێت.

١- ماوەی ئەو نەخۆشییەی کە پەکی کاری خستوودو ئەگەر ماوەی لە (٣) سێ ساڵ پتر بوو ئەوا تەنیا (٣) سێ ساڵی لێ بۆ حساب دەکرێت بۆ هەر حاڵەتێکی نەخۆشیی بەمەرجێک نەخۆشییەکە بەڕاپۆرتێکی لیژنەیەکی پزیشکی ڕەسمی بسەلمێنرێت.

٢- ئەو ماوەیەی پارێزەر لە پسپۆریی یاسادا بەسەری دەبات بەو مەرجەی لە چوار ساڵ ڕەت نەکات و بەنوسین ئاگاداری سەندیکاش بکاتەوە لە ماوەی ساڵی یەکەمی خوێندنەکەیدا و بە مەرجێ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی زانستیی لە خوێندنی باڵای باوەڕ پێکراو لەلایەن جیهەتێکی ڕەسمی پسپۆرییەوە.

٣- ماوەی (تەوقیف)کردنی پارێزەر یان دەستگیرکردنی (اعتقاله) یان دەستبەسەربوونی (احتجازه) لە حاڵەتی دەرچوونی بڕیاری کۆتایی بە بەردانی و هەروەها ماوەی حوکم لەسەردانی بە سزایەک ئازادیی لێ سەندبێتەوە لەسەر تاوانێکی سیاسی هەروەها ماوەی تەوقیف کردن یان دەستگیرکردن(اعتقاله) و یان دەستبەسەر بوونی (احتجازه) بەو هۆیەوە.

٤ـ ئەو ماوەیەی لە ئەندامییەتی دەستەڵاتی یاسادانان و ئەنجوومەنە رەسمییە هەڵبژێردراوەکان دا دەبیاتە سەر.

لقی دووەم
(تەرخان کردن ـ التخصيص)

**ماددەی (١٥):**
مووچەیەکی خانەنشینی تەرخان دەکرێت و لەسەر بنەرەتی (٥) پێنج دینار بۆ هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی بەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش کەرتی مانگی دوایی بە مانگێکی تەواو دادەنرێت.

**ماددەی (١٦):**
دەشێ مافەکانی خانەنشینی پارێزەریی و هەر فەرمانێک و هەر کارێک و یاخود مافی خانەنشینی لەسندووقێکی تر پێکەوە کۆبکرێتەوە بە مەرجێک هەمووی تێکرا (سەرجەمی) لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد دینار پتر نەبێ.

**ماددەی (١٧):**
یەکەم: ئەگەر پارێزەر یان پارێزەری خانەنشین مرد ئەوا ئەو مافی خانەنشینییەی کە دەیکەوێ لە رۆژی مردنەکەیدا بۆ خێزانەکەی دەگەرێتەوەو لەم بارەدا حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی (مدني) بۆ دابەشکردنی رەچاو دەکرێن.
دووەم: ئەگەر پارێزەر یان پارێزەری خانەنشین حوکم درا بە سزایەک کە ئازادیی لێ دەسەنێتەوە بۆ ماوەی پتر لە یەک ساڵ ئەوا بەرامبەر بەخۆیی و بەرامبەر بە خێزانەکەی ئەو حوکمانە پیادە دەکرێ کە بەسەر فەرمانبەری خانەنشینی حوکمدراوا پیادە دەکرێن وەک لە یاسای خانەنشینی شارستانی دا هاتووە.

**ماددەی (١٨):**
یەکەم: خانەنشین کردنی پارێزەر ئەمانەی بەدوادا دێت:
١ـ گواستنەوەی ناوەکەی بۆ تۆماری پارێزەرە خانەنشین کراوەکان.
٢ـ نابێ هیچ کارێکی نوێ لە کارەکانی پارێزەریی بەخۆوە بگرێ لەو رۆژەرە کە بریاری خانەنشین کردنەکەی پێ رادەگەیەنرێت جگە لە هەڵسانی بەکاری پارێزەریی بۆ ئەو کەسانەی کە لە ماددە (٢٤)ی یاسای پارێزەریی دا ناویان هاتووە.
٣ـ پێویستە لیستەیەک بەو داوایانەو بەو کارانەی پێی سپێردراون پێشکەش بە ئەنجوومەنی سەندیکا بکات بە مەرجێک ئەو کارانە لە ماوەی شەش مانگ لە مێژووی پێ راگەیاندنی بریاری خانەنشین کردنەکەی تەواو بکات و ئەگەر لەو ماوەیەدا تەواوی نەکردن بە دەست لەکارکێشاوە (مستقيل) دادەنرێ و دەبێ نووسینگەکەی دابخرێت.

دووەم: ئەگەر پاریزەری خانەنشین سەرپێچی حوکمەکانی برگەکانی (٢ و ٣)ی ئەم ماددەیەی کرد ئەوا دەستە یاخود ئەنجوومەن (ئینزاریکی) پێ دەدەن کە پێویستە لە ماوەی حەوت رۆژدا لە رۆژی پێ راگەیاندنی ئەو ئینزارەوە واز لەو سەرپێچی کردنە بێنێ، جا ئەگەر ئینزارەکەی جێبەجێ نەکرد ئەو کاتە مووچەکەی خانەنشینی لێ دەبردرێ بۆ ماوەیەک کە دەستە دیاری دەکات.

**ماددەی (١٩):**

پاریزەرو خێزانەکەیشی دوای خۆی بۆیان هەیە داوای خستنە سەری هەموو یان هەندێک لەو ماوەیەی لە فەرمانی میری (وەزیفە) یان ئیشکردن لە فەرمانگەکانی دەوڵەتیی ماوەتەوە بۆ سەر ئەو ماوەیەی لە پاریزەریی براوەتە سەر بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی جا ئەگەر بەردەوام بووبێ یاخود پچڕ پچڕ بە مەرجێک دوای دەرچوونی بووبێت لە کۆلیژی ماف (حقوق) یان کۆلیژی یاساو رامیاری - بەشی یاسا و ئەو ماوەیەش کە دەخرێتە سەری نابێ لە ماوەی پاریزەرییەکەی پتر بێت و لە هیچ بارێکدا نابێ لە (١٠) دە ساڵ تێپەرێت.

**ماددەی (٢٠):**

یەکەم: پاریزەر یان ئەو کەسەی کە مافی خانەنشینی دەکەوێ هەروەها وزیری دارایی و ئابووریی و ئەنجوومەنی سەندیکاش بۆیان هەیە تانووت لە بریارەکانی دەستە بدەن لەوەی پەیوەستە بە مافەکان و خستنە سەری ماوەکان یاخود رەتیان بکەنەوە لەلای ئەنجوومەنی ووردکاریی (تدقیق) کێشەکانی خانەنشینانەوە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا لە مێژووی پێ راگەیاندنیانەوە هەروەکو مافی تانوت لێدانی بریاری ئەنجوومەنیان هەیە لای دادگای تەمییزەوە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژان دا لە مێژووی پێ راگەیاندنیانەوە.

دووەم: کاتێ: پاریزەر یان خانەنشین لەلای ئەنجوومەنی لێ ووردبوونەوەدا ئیعتیراز دەگرێت (تانووت لە بریارەکە دەدات) بری (١٠٠) سەد دیناری وەکو بارمتە لێ وەردەگیرێت و ئەگەر دەرکەوت لەسەر هەقە لە ئیعتیرازەکەیدا یان لە بەشێکیدا ئەوا پێی دەدرێتەوە.

**ماددەی (٢١):**

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەستە مووچەیەکی خانەنشینی دەداتە خێزانی ئەو پاریزەرانەی لەپێناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا شەهید بوون بە مەرجێ لە (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دینار کەمتر نەبێ.

بەشی پێنجەم
(حوکمە کۆتاییەکان)

**ماددەی (٢٢):**
ماوەی دەستدانە کاری پارێزەریی لە دەرەوەی هەرێم پاش دامەزراندنی لیژنەی کاتیی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە ١٩٩٣/١/٣دا بۆ مەبەستی ئەم یاسایە حساب ناکرێت.

**ماددەی (٢٣):**
هەر پارێزەرێکی خانەنشین یاخود یەکێک لە خێزانەکەی دا برِا لە وەرگرتنی مووچەکەی یان لەسەردانی بۆ مەرامی تەرخانکردنی مووچە بۆی هەیە بۆ ماوەیەک لە (٣) سێ ساڵ پتر بێ هەقەکەی لەو ماوەی دابرِانی دا دەستووتێ تەنها مەگەر ساغ بێتەوە کە دابرِانەکەی بە عوزرێکی مەشروع بووەو دواکەوتنیش لە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەو ئەو زانیارییانە دەستە داوایان دەکات بە دابرِان لە موراجەعەکردن بۆ مەبەستی ئەم ماددەیە دادەنرێ.

**ماددەی (٢٤):**
کارکردن بە ڕەسمی تۆمارکردن و ئابوونەی بەشداریکردن و غەرامە وەک بەدەلی تەئمینی صحی و ڕەسمەکانی تر کە کاریان پێکراوە بەردەوام دەبێت هەتا ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەران هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی (٢٥):**
کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە هاودژبن.

**ماددەی (٢٦):**
پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی (٢٧):**
ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# هۆیە پێویستەکان

لەدوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە مانگی مایس ١٩٩٢دا کە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەی بێ وێنە بوو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانی عێراق بە هەموو حزب و چینەکانییەوە تیایدا بەشداربوون، دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەو پێیەی کە نوێنەری شەرعیەو لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمەوە هەڵبژاێردراوە بڕیاری لەسەر فیدرالیزمدا وەک شێوازێک بۆ پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، وەک باوە هەرێم لە سایەی سیستمی فیدرالیزمدا دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە بۆ ڕێکخستنی گەلێ بوار، وە لەبەر پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی بەغدا بە هۆی کێشانەوەی حکومەتی ناوەندی بۆ کارگێڕییەکانی لە هەرێمدا لە ٢٠/ ١٠/ ١٩٩١، وە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پارێزەران لە هەرێمدا بەبێ یاسایەک بمێننەوە کە مافەکانی خانەنشینیان ڕێک بخا، جا لە پێناو ڕێکخستن و پاراستنی مافەکانیان و مافەکانی خێزانەکانیان و زامن کردنی ژیانێکی لایەق بەوان، لەسەر بنەمایەکی ڕاست کە چاودێری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموکراتی لە هەرێمدا بکرێ، ئەم یاسایە دەرهێندرا.

M.A.L Co.
Mizan AL-Adalah firm For Lawyers